د. زاهیر سوران
پسپۆری نەخۆشییە درمەکان & پسپۆری پزیشکی گشتی و پزیشکی بەشی خۆپاراستن – ستۆکهۆلم .
2007.09.09

# شێرپەنجەی خوێن– لیۆکیمیا

لیۆکیمیا زاراوەیەکی گریکی یە لە دوو وشەی Leuk(h)aemia پێکهاتووە ، کۆمەڵێك نەخۆشی دەگرێتەوە . ئەم زاراوەیەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێنی نەخۆش ژمارەیەکی نائاسایی خرۆکەی سپی تێدایە ، لەم بارەدا ژمارەی خرۆکە سپییەکانی نێوخوێن زۆر زێد دەکات و ئەوسا مرۆ تووشی شێرپەنجەی خوێن دەبێت . لەبری ئەوە ژمارەیەکی بێشومار خانەی لیۆکیمیایی دروست دەبێت کە دەبێتە هۆی نائاسایی دروستبوونی خوێن لە مۆخی ئێسکدا . ئەوەی راستی بێت لیۆکیمیا زێدەتر لە رەگەزی نێرینەدا دەبینرێت وەك لە رەگەزی مێوینەدا ، تەنیا یەك نەخۆشی نییە و بگرە کۆمەڵێك نەخۆشییە ریۆری جیاوازیان هەیە لەبەر ئەوەیە کە چارەسەری جیاوازیان گەرەکە .

جۆرەکانی لیۆکیمیا لەسەر جۆری خرۆکەی سپی نەخۆشەکە بەندە .

## جۆرەکانی لیۆکیمیا

– جۆری میێلۆسایت ، زێدەتر مۆنۆسایتەکان و دەنکۆڵەدارەکان دەگرێتەوە .

– جۆری لیمفاتیك ، زێدەتر لیمفۆسایتەکان دەگرێتەوە .

## جۆرەکانی لیۆکیمیا

**1– جۆری کوتوپڕ** Acute (کەمی یان پێنەگەییوی ژمارەی خانەکانی نێوخوێن) . شێرپەنجەکە نزیکەی 20 جاران زێدەتر لەو کەسانەدا دەردەکەویێت کە کۆنیشانەی Downs یان تووشبوە .

ئەم جۆرە 2 شێوەیە لە هەموو تەمەنێکدا دەبینرێت ، هەندێك جار لە 25٪ ی نەخۆشەکان منداڵن .

– شێوەی کوتوپڕی (AML) Acute Myeloid Leukemia یان Acute myelogenous leukemia

ئەم شێوەیە لە لاوان و گەورە ساڵاندا دەبینرێت .

– شێوەی کوتوپڕی (ALL) Acute lymphoblastic leukemia یان Acute lymphocytic leukemia

ئەم شێوەیە لە نێوان لاوان و هەرزەکاراندا دەبینرێت وەلیّ بەساڵاچووانی سەروو 65 ساڵانیش تووشی دەبن .

خۆشبەختانە ئەمرۆ لە 80٪ ی ئەو منداڵانەی تووشی ئەم جۆرە شێرپەنجەیە دەبن بە چارەسەرکردن چاك دەبنەوە .

**2– جۆری تولانی** (درێژخایەن) Chronic . (زێدبوونی لە رادەبەدەری ژمارەی خانە پێگەییوەکانی نێوخوێن) .

ئەم شێوەیە زێدەتر تووشی مرۆی بە ساڵاچوو دەبێت ، بە دەگمەن پێش تەمەنی 30 ساڵی مرۆ تووشی لیۆکیمیا دەبێت . لە 65٪ ی نەخۆشەکان تەمەنیان لە سەروو 60 ساڵانەوەیە و زۆربەی زۆری نەخۆشەکان ئافرەتن ، لە 2 شێوەدا هەیە :

– شێوەی میێلۆجێنۆس Chronic myelogenous leukemia(CML) .

ئەم شێوەیە تووشی گەورەساڵان دەبێت وەلیّ بە دەگمەن منداڵ تووشی دەبێت .

– شێوەی لیمفۆسایت Chronic lymphocytic leukemia (CLL) .

ئەم شێوەیە تووشی ئەو کەسانە دەبێت کە تەمەنیان لە سەروو 55 ساڵانەوەیە ، هەندێك جار لاوان تووش دەبن وەلیّ هەرگیز منداڵ تووشی نابێت .

خرۆکە سپییەکانی نێوخوێن دوو جۆرن :

1- خرۆکەی سپی ناوکدار . بریتین لە خانە ترشەکان ، ئیۆزینۆفیلەکان و تفتەکان .

2- خرۆکەی سپی بیّ ناوکەکان . بریتین لە مۆنۆسایت و لیمفۆسایت .

## نیشانەکانی

### جۆری کوتوپڕ

لەوانەیە لەم بارە کوتوپڕەدا چەند نیشانەیەکی جیاواز وبلاّودەربکەوێت . نزمبوونەوەی خرۆکە سوورەکان دەبێتە هۆی کەمخوێنی و ماندوویەتی . لەوانەیە ناتەواوی خرۆکەسپییە پێگەیشتوەکان ببێتە هۆی هەوکردن . ناتەواوی خەپلەکانی خوێن (ترۆمبۆسایتەکان) دەبێتە هۆی بە ئاسانی خوێنبەربوونی نەخۆش ، لەم بارەدا ژێر پێستی نەخۆش شین ومۆر دەبێتەوە یان راستەوخۆ خوێنی پووک و نێوپۆشەکان بەرببێت . زۆرجاران تالێهاتن ، لاوازبوون ، نزمبوونەوەی کێشی نەخۆش ، شەوانە ئارەقەکردنەوە ئازاری پەیکەری ئێسکی نەخۆش دەردەکەوێت . لەم بارەدا سپڵ ، لیمفەگرێکان و لەوانەشە جگەریش گەورە ببێت . لەوانەیە ئەمە نیشانەیەکی لیۆکیمیای تولانی بێت .

### جۆری تولانی

ئەوەی راستی بێت نیشانەکانی ئەم شێوەیە سووکترەوە وەك لە شێوەی یەکەم . زۆرجار مرۆی تەمەن بە سالاّچوو بیّ گیروگرفت ، بیّ نیشانە و چەند سالێك بە باشی دەژیت . نیشانە سەرەکییەکان بریتیین لە ماندووبوون ، ئارەقەکردنەوە و نزمبوونەوەی کێشی لەش . لەوانەیە گەورەبوونی سپڵ و لیمفەگرێکان نیشانەیەکی لیۆکیمیای تولانی بێت .

## دەستنیشانکردن

- نیشانەکانی سەرەوە .
- وەرگرتنی نموونەی بڕبڕەی پشتی نەخۆش .

## چارەسەرکردن

ئەوەی شایانی باسە باشترین چارەسەرکردن بریتییە لە گواستنەوەی خوێن (خرۆکەسوور ، سپییەکان و خەپلەکانی خوێن) بۆ نەخۆش لەبەرئەوەی بوەتە هۆی چاکبوونەوەی نەخۆش .

**سەرچاوەکان**


1.www.wikipedia.org. ©
2. www.cancer.gov ©
3. www.wiley.com ©
4. www.karelma.com ©
5. www.barncancerfonden.se ©
6. www.vardguiden.se ©
7. www.oncolink.com ©
8. www.cancer.com ©